ک□ش□ی ک□مین□ ل□س□ر ئاستی دونیادا ک□ش□ی□کی جددی□، ب□□ام ئ□و□ی ل□ع□□اقدا ب□س□ر ئ□م گروپ□ دینی و ئیتنی□ هات ک□م و□ن□ بوو□. فاشیزمی س□دام ه□میش□ و□ک م□ترسی□کی ئ□ب□دی س□یری کوردو ب□دیاریکراوی ف□یلی□کانی کردوو□.
س□دام ه□میش□ و□ک مندا□□کانی سات□رن نیگای ف□یلی□کانی کردوو□، سات□رن ه□موو مندا□□کانی د□خوات تا □□ژ□ک ن□بن□ مای□ی م□ترسی ب□ سیست□م□ داخراو و ئیلاهی□ک□ی. ه□موو سیست□م□ک ب□ ئ□و□ی بژیت پ□ویستی ب□دروستکردنی دوژمن□. نازیزم ل□قو□اییدا ه□ستی ب□ چا□□ک و خ□ر□ند□کی م□ژوویی د□کرد. ب□ ئ□و□ی ل□ □ووی سایک□ل□جی□و□ ب□رگ□ی ئ□و ک□ل□ن□ بگر□ت ه□کاری ک□ل□ن□ک□ی خست□ ئ□ست□ی جول□ک□، واتا ئ□و□ جول□ک□ی□ ب□رب□ست□ ل□س□ر ک□مای□تی من.
ب□ب□وای "ئ□ریک ف□□م" ک□□کی دیکتات□ری□ت ترسن□کی□. واتا ترس ل□ه□بوونی ش□ب□ق و ک□ل□ن واد□کات ب□ دوژمن□ک بگ□□□ین تا ل□□□ی□و□ نات□واوی□کانی ناو□و□مان ب□رگ□ بگرین و بیخ□ین□ ئ□ست□ی ئ□ویتری دوژمن□و□. س□دام و سیستم□ک□ی ب□ه□مان ف□□م ب□ دوژمن□کی نادیار د□گ□□ا تا ل□□□□ی ف□یلی□کان□و□ توانی ب□بونب□ستی بگ□ی□ن□ت. ئ□و□ منی ع□ر□ب نیم ک□ خاو□ن ک□ل□نم ب□□کو ئ□و□ کورد یاخود ف□یلی□کانن بون□ت□ ه□کاری ئ□م نات□واویی□.
ف□یلی□کان ل□دوای پر□س□ی ئازادیش□و□ ن□یان توانیو□ بگ□ن□ ف□زای□کی دیموکرات و ئازاد، ئ□وان تائ□ستاش و□ک ک□مین□ی□کی خنکاوی ناو داهاتو□کی نادیار ژیان ب□□□ د□ک□ن. دیار□ ئ□م□ ب□ ئ□زیدی و ک□مین□کانی تریش □است□. دیموکراتی□تی دوای س□دام پیاد□کردنی ج□ر□کی تری فاشیزم□ ب□ک□رست□و ئ□د□واتی ن□رمتر. ئ□و□ی دوای ٢٠٠٣ هات□ت□ ئاراو□ هیچ نی□ جگ□ل□ دیکتات□ری□ت، ب□□ام

لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیکتاتۆر دیاری دەکرێت. تا ئێستاش عەقڵیەتی شۆڤینی و پان عەرەبیزم مەئوای سیاسەتی عێراقی جێنەهێشتوە، تائێستاش فەیلییەکان مامەڵە لەگەڵ نادیاردا دەکەن، فەیلییەکان سزادراون بەوەی نەزانن بەیانی چی ڕوودەدات.

ماڕک فلێربایێ لەکتێبی(دیموکراتی یان سەرمایەداری)، ڕستەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە کە گومان دەخاتەسەر کەی سیستمی دیموکراسی لە دونیای وڵاتانی سێیەم، فلێربایێ دەڵێت" دیموکراتی هەر ئەوە نیە پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری زامن بکات، بەڵکو پێویستە داهاتووش بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکات". واتا هێشتنەوەی هاوڵاتی لەنێو ئەگەر و تەگەری ئەوەی کەی دەمرین فۆڕمێکی یەک جار توندی دیکتاتۆرییەتە. مەترسی ونبوونی سبەی مەترسییەکی جددیە ڕووبەرووی فەیلییەکان بەتەوەلەدونیای دوای سەدامەوە.
لەکۆتایدا دەتوانین بڵێین سەدام یەک ڕووداو نیە دژ بە فەیلییەکان بەڵکو دوو ڕوداو و دوو قۆناغە، سەردەمی سەدام و دوای سەدام. فاشیزمی سەدام بەجۆرێک دەستی دایە پاکتاوی کوردەکان کە ئەستەمە درەکانی دیموکراسی ئەو برینە چارە بکەن.
فەیلییەکان ئایکۆنی ئاشکراکردنی فاشیزمن لە عێراقی سەدام حوسەیندا. بەئەوەی ئەو مێژووە شیکار بکرێت پێویستمان بەزیاد لە چەندین فۆڕمی ئیشکردنە لەسەر ئاستی سیاسی و کولتوری و مێژوویمان.

مەنسوڕ ناجی

سەرچاوەکان:
١- بەختیار علی، بەندەر فەیلی، ٢٠٢٣
٢- فاتیح عبداللە شوانی، جینۆسایدی بێدەنگی کوردانی فەیلی، چاوی کورد، ٨/٢/٢٠٢٣ ، https://chawykurd.com/
٣- ئەحمەد کەرکوکی، کوردانی فەیلی ناسنامەی نەتەوەییەکی مافخوراو، ANF News,، ٢٣/٣/٢٠٢٠ ، https://anfsorani.com
٤- دکتۆر ناجح گوڕپی، جینۆسایدی کوردی فەیلی، kurdpa ، ١٥/خاکەلێوە/٢٧١٦، https://kurdpa.net/so/new
٥ــ مارک فلێربایێ ، سەرمایەداری یان دیموکراتی، وەرگێڕانی ئیسماعیل کوردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر ٢٠١٨.
٦- ئێریک فرۆم، بەناوی ژیانەوە، وەرگێران: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ سەردەم،

ژن لەپێش سەردەمی جاهیلیدا ئامتیس شاژنی بابل وەك نموونە.. رێسوڵ بێسکێنی

لێکۆڵینەوە و بیرهێنانەوەی مێژووی کۆن، بۆ سوودوەرگرتنە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو و بەراوردکردنیان بۆ ئاشنابوون بەژیانی مرۆڤی کۆن، سەبارەت بەژیان و کێشەکانی ژن لەسەردەمانی ڕابردوودا، لێرە باخچەهەڵواسراوەکانی بابل وەك دیاری بۆ شاژنی ئیمپڕاتۆریەتی بابل بیردێنینەوە، هەرچەندە تائێستا لەنێوان حەقیقەت و ئەفسانەدا ساغ نەبۆتەوە باخچەهەڵواسراوەکانی بابل، ڕاستە یاخود ئەفسانەیە، زانستی شوێنەوارناسی و نوسینەکانی بابل لەسەر بوونی ئەم باخچەیە بێدەنگن، بەڵام هەندێک نوسەرانی دێرین بەشێوەیەک پەسندی دەدەن، وەک ئەوەی خۆیان لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی بابلدا ژیابن، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە لەنووسراوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێدراوە، باخچەهەڵواسراوەکانی بابل، لەلایەن یەکێک لەمەزنترین پادشاکانی بابل نەبوخەزنەسری دووەم (600 ساڵ پ.ز) لەپایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی بابلدا بنیاتی ناوە، بەهۆی سروشتی نامۆی باخچەکەو جوانی و بەناوبانگی کۆشکەکانی و چەندین هۆکاری تر، بەیەکێک لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی کۆن دەست نیشانکراوە.

بابل و ئەبوخوزنەسر
بابل بەدووری ٨٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشوری بەغدادی پایتەختی ئێستای عێراق، شارێکی دێرین و مێژوویە، مەزنترین بەشی مێژووی دێرینی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین، لەسەردەمی نەبوخەزنەسری دووەم.
(بوخت ئەلنەسر) لەئاوەدانکردنەوەی شاری بابلدا شانازی بەخۆیەوە دەکرد، لەو سەردەمەدا چەندین کۆشك و تەلاری بەرز، دیمەن و سیمای شاری بابلیان جوانترکردبوو، چەندین دەروازەی گرنگی هەبوو، یەکێک لەدەروازە گرنگەکانی ئەم شارە، دەروازەی عەشتارە، کە باخچەهەڵواسراوەکانی تێدا بنیاتنراوە، دیمەنێکی ناوازەی بەم شارە بەخشیوە، گشت دارو ڕووەك و میوەیەکی تێداچاندراوە، بەجۆرێك لەهەرچوار وەرزی ساڵدا بەرهەمیان هەیە، لەبەر جوانی و

سەرنجڕاکێشی ئەم باخچانە ڕۆژانە گەشتیاران سەردانی دەکەن.

باخچە هەڵواسراوەکانی بابل

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن نەبوخزنەسر پاشای بابل بەمەبەستی ڕازی کردنی دڵی هاوسەرەکەی، ئامتیس کچی پاشای مادەکان، ئەم باخچەیەی بنیاتناوە، ئامتیس لەشاری ئەکباتان لەوڵاتی خۆیدا بەناز پەروەردەکراوە، لەنێو شاخ و تەپۆلکەو شیوو دۆڵی خۆش دیمەن و پڕ لە سەوزایی سەرنجڕاکێش بەدارستان و ئاوی سازگارو شاخەکان ڕاهاتووەو فێری ئاوو هەوای کوێستان بووە، بۆیە سەخت بووە لەناوچە گەرمەکانی وەکو بابل بژێت، خۆشەویستی لەڕادەبەدەری پاشا بۆ شاژن بڕیاری دروستکردنی کۆشکێکی حەوت نهۆمی داوە، هەر نهۆمێك دەورەدرابێت بەباخ و داری میوەی بەردارو گوڵی دەگمەن و بۆندار چین لەسەر چین ڕازێنراوەتەوە.

هاوسەرەکەی شازادەیەك بوو، لەخێڵە شاخ نشینەکان و حەزی لەوڵاتە پان و بەرین و تەختەکەی بابل نەبوو، هەمیشە لەیادی ناوچە شاخاوییەکانی خۆی دابوو، ئارەزووی ئەوێی دەکرد، بوخت ئێلنەسر بۆ ئاسوودەکردنی هاوسەرەکەی خۆی، بڕیاریدا کۆشکێك لەشێوەی شاخێك دروست بکات، فەرمانی دا باڵکۆنەکانیشی لەسەر دروست بکەن، کەبەژووره پتەوەکان چاودێری دەکرا، دروستکردنی ئەم باڵکۆنانە،و قاتەکانی پەرستگاکان نەخشەی بۆ کێشرابوو، واتە شێوە تاوەری بوون، کەهەر باڵکۆنێك لەباڵکۆنەکەی ژێر خۆی بچووکتر بوو، گڵیان بەسەر باڵکۆنەکاندا پڕژاندبوو، گوڵە جوانەکان و دارە میوەکانیان لەوێدا ناشتبوو.

ئاودێری باخەکانیشی بەشێوەی زۆر پێشکەوتوو دروستکردووەو لەشوێنی دوورەوە ئاوی بۆهێناوە، بەپێی سیستمی ترومپای زنجیری، ئاوی بۆ نەمامەکان گواستۆتەوە، ئەمە یەکێکە لەهەرە سیستەمە ئاوییە گەورەکانی جیهانی کۆن، ئاوی ڕووباری فوڕاتیان بەترومپا ڕادەکێشاو وەك تاڤگە، بەم لا و ئەو لای باخەکەدا، دەیان پڕژاند، شاژن لەهەیوانی بەرزتری باڵکۆنی ئەم شاخە دەستکردەدا، بەیادی گردەکانی نیشتمانی خۆیەوە دادەنیشت، لەشوێنێکی دوورەوە، بەشێوەیەك دەبینرا دەتوت باخەکە بەئاسمانەوە هەڵواسراوە، مێژوونووسان (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) بەیەکێك لەسەرسوڕهێنەرەکانی دونیای کۆن دەزانن.

لە ڕووی ئەندازەییەوە ئەم باخچەیە (328) پێ، واتە (100) مەتربەرزبووە، بەشورایەك دەورە دراون، پانییەکەی نزیکەی (7) مەتردبێت، تویژەران و شوینەوارناسان دوو سیستمی پەمپیان لەنزیک ئاوی فوڕات دۆزیوەتەوە، کەبڕوایان وایە لەڕێگای ئەو پەمپانەوە

باخچێکێ ئاو دراوێ، بۆ ئەوەی لە شێوەی شاخە بەرزەکانی ئەکباتان بێت، تا چێژ و خۆشی بەدڵی شاژن ببەخشێت و ئاو و هەوای وشك و گەرم کارنەکاتە سەر ڕوخسار و جەستەی.

ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو هەموو خەرجی و ئەرك و ماندووبوونەی پاشای وڵاتی بابل، لەبیناسازی و تەکنیکی تروپای زنجیرەیی ئاودان، تەنیا لەبەر دڵخۆش کردنی شاژن، کەجوانی و سەرنجڕاکێشی کۆشك و تەلارو دیمەنی باخچەهەڵواسراوەکان نەك ئەو کاتە تەنانەت ئێستاش خەڵکی سەرسام کردووەو بەیەکێك لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی کۆن دانراوە، هیچ ڕێی تێدەچێت، یان گونجاوە بەسەردەمی جاهیلی ناوببرێت، بێگومان ناودێرکردنی سەردەمی نەفامی تەنیا بۆ نەپەرستنی خوای تاقانە ناسێنراوە؟.

رانانێك بۆ کتێبی (هاوڕێیانی پەروەردە).. کامەران حاجی ئەلیاس

کتێبی (هاوڕێیانی پەروەردە) لە نووسینی نووسەر (سوهەیل تاهیر عەبدوڵڵا) ،کۆمەڵێ بابەتی گرنگی پەروەردەیی پەیوەست بە منداڵ ، خێزان ، مامۆستا ، کارگێری قوتابخانە ، سەرپەرشتیار لە خۆدەگرێت لەدەستپێکی کتێبەکە، نووسەر زۆری گرنگی بە رۆڵی منداڵ لەهەموو روەکەوە دەدات هەرلەسەرەتای لەدایك بوونی تا تەمەنی 18 ساڵی نووسەر بەووردی باس لە قۆناغی چۆنیەتی مامەڵەکردن لە منداڵ دەکات وەکو : خواردنی تەندروستی منداڵی تازە لەدایك بوو،چۆن منداڵی کەرپەلە هەستی خۆی دەردەبڕێت ،چۆن دڵ ودەروونی منداڵەکەت بەخۆت رادەکێشیت،چۆن میشکی منداڵ گەشەدەکات، چۆنت منداڵەکەت پەروەردەی دەکەیت.چۆن منداڵەکەت هان دەدەیت کە هەڵسوکەوتەکانی دروست بێت،ئەو فاکتەرانەی منداڵ بەرەو خراپی ئاراستە دەبات،چۆن منداڵەکەت کۆنترۆڵ دەکەیت ،خۆوزرانی منداڵ ،خەونی ناخۆش و تۆرمایی،ئاخاوتن و ڕۆیشتن لە کاتی خەودا ،میزکردنی منداڵ لە خەودا،پێدادانی ددان لە کاتی خەودا،منداڵ بێناز،درۆکردن لای منداڵ لەگەڵ چەندین بابەتی تری پەیوەندار بە منداڵ و خێزان..

هەر لەکتێبەکەدا نووسەر باس لە ڕۆڵی خێزان و قوتابخانەو مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان دەکات چەندین ڕێنمایی گرنگ ئاراستەی قوتابییان و دایك و باوکان دەکات کە ئامانج لێی هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و دایك و باوکان خێزان بەگشتییە، بەجۆرێك کە بتوانن نەوەیەکی وا دوروست بکەن لە داهاتوو چەکێکی گرنگ بن بۆ بونیاد نانی کۆمەڵگەیەکی ئارام و پێشکەوتوو.

لەلایەکی ترلە کتێبەکە تیشك خراوەتە سەر قەناعەکانی خوێندن و ڕۆڵی مامۆستا و دامەزراوە پەروەردەییەکان لە بنیادنان و پەروەردە کردن و چەسپاندنی چەندین بەهای بەرزی کۆمەڵایەتی لە ناخی قوتابیان بۆئامانجی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی . کە لە کتێبەکەدا خێزان و دامەزراوە پەروەردەییەکانی پێکەوە بەستەتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ بە باشترین شێوە منداڵانی کوردستان پەروەردە بکرێن.

لایەنی کارگێڕی قوتابخانەخاڵێکی گرنگی هەرقوتابخانەیەکە یەکی سەرکەوتووە، نووسەر بەووردی باس لە زیرکی و بەڕێوەبەر دەکات وەکو سەرکردەی کارگێڕی لە نێو قوتابخانە ناوی دەهێنت لایەنە ئەرێنی ونەرێنی لە بەڕێوەبەردنی قوتابخانە دەخاتە ڕوولە هەمان کات پەنجەدەخاتە سەر ئەو کێشەو گرفتانە کەڕووبەڕووی قوتابخانە دەبنەوە، باس لە عەقلیەتیکی تاك دەکات کەلەلای هەندێ بەڕێوەبەر، بەداخەوە تاوەکو ئێستاش لەبەڕێوەبەردنی هەندێ قوتابخانەکان پەیڕەو دەکرێت وەکو خۆسەپاندن و خۆ بەزل زانین .

نووسەر باس لەگرنگی پلان و ئامار دەکات و بەدوو خاڵی سەرەکی دادەنێت بۆ پێشکەوتنی هەردەزگایەك و هەروڵاتێك بەجۆرێك گەشەساندن بەبوونی پلان و ئامار ..ئەم کتێبە گرنگی زۆری هەیە بۆ کارگێڕی قوتابخانە هەربۆیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێم چاپکراوە ودابەشی سەرقوتابخانەکان دەکات.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەم کتێبە زۆر بابەتی تر لە خۆدەگرێت کە ناکرێت لێرەدا ئاماژەیان پێبدەین بەڵام گرنگە هەریەك لە کەس وکاری قوتابیان ،مامۆستا ، بەڕێوەبەر ، سەرپەرشتیار تانەنەت قوتابیانیش ئەم کتێبە بخوێنەتەوە دەست خۆشی لە نووسەر مامۆستا (سوهەیل تاهیر عەبدوڵا) کە ئەمە دووەم کتێبی چاپکراوی خۆیەتی لەبواری پەروەردا.

شایانی باسە ڕۆژی 7ی 11ی 2023 لە شاری هەولێر،لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ، ئەم کتێبەلە ڕێوڕەسمێك دا،بە ئامادەبوونی ژمارەیەك کەسایەتی پەروەردەیی ناسێندرا و بەواژۆی نووسەر بەدیاری بەسەر ئامادەبووان دابەش کرا.

پ□ـــداچوونـ□و□یـ□ك ب□ شیعـــری “توول□□□كـــانی پـــاییز” دای ئیلهام مو□ادی

پ□داچوون□و□: ل□تیف ب□وار

ل□گ□□ یادت قامك□كانم ل□س□ر لاپ□□□ی □□ژم□ر□ك□م ب□ج□ما
وان□كانی د□داریم ل□ ون بوو
ونبوو □□ژم□ری ت□م□ن
قامك□كانی خ□یا□م ل□ن□و ب□ت□ی □□ح□كدا د□ئافر□ن و
چاو□كانم و□ن□ی پ□□فایل□ك□تی ل□ قاپگرتوو□
ب□ی□ ل□ه□ر چاوترووكان□كدا
دووپات ئ□بی ل□ شاش□ی م□شكمدا
خ□و خ□یا□□ك□ ل□ك□ناری ه□ر خ□زان□كا
شار□ك ئ□خولق□ندر□
ح□ز نیشتمان□ك□ ل□ ئ□غر
□وو ل□ نش□ویی□ گ□□ا□□ژ□كانی خ□زان
ل□ غ□مگینیی□ ق□دگرتوو□كانی ت□م□ن
توول□□□ی□كان ح□ز د□ب□ن□و□ س□ر دوا نشینگ□ی ه□ناس□
ل□وم ب□ ه□ناس□كانت□و□
س□رگ□ردان□ و
چاوم م□می هیوا كز كز ئ□سووت□ن□
ل□ شو□نكی ئ□م چیر□ك□دا
ش□و ب□یاری ل□س□ر ق□د□غ□ی□
پیاس□ تیسك□
ش□قام ل□خ□ بایی.

كوردانی ر□ژه□□ات پارچ□ی□كن ل□ ج□رگمان، بوونیان بوونمان□و ن□بوونیان ن□بوونمان□؛ ه□ر پارچ□و ب□ ج□ر□ك د□رد□و□ د□نا□□ن□ت ك□

هی هیچیان ل□ هیچی ناچ□ت، ل□ رووی ف□رھ□نگیش□و□ و□ک چ□ن نزیکیی□ك ه□ی□ ل□ نیوان ه□ردوو زمانی کوردی و فارسیدا، ل□ ه□مان کاتیشدا شت□ك ل□ دووریی ه□ی□، ب□ی□ ئ□و ئ□دیب□ کورد□ی ر□ژه□□ات ک□ ل□ ژ□ر ه□یم□ن□ی زوبانی فارسیدا رزگاری بوو ب□ت و کاریگ□ریی ل□ □□زمانی کوردی و وش□سازیی□کانی ن□کرد ب□ت من ئ□و□ ب□ ی□ک□م ق□ناغی س□رک□وتن ل□ك د□د□م□و□.

ئ□نجا د□ین□ س□ر ل□دوان ل□ خودی د□ق□ک□ و□کو د□ق□کی ئ□د□بی کوردی و ه□□س□نگاندنی ب□ د□ک□ین و بیروب□جوونی خ□مانی د□رбار□ د□رد□ب□ین؛ ب□ ئ□م م□ب□ست□ش پ□ویست□ ب□□ین ئایا ب□س د□قی باش شایست□ی ل□دوان و ل□س□ر و□ستان□؟ یان ه□موو د□ق□ك ب□ باش و خراپ□و□ د□توانین چ□قی ل□دوانی ت□دا بد□زین□و□ و ل□س□ری بو□ستین؟ من رام ل□گ□□ دوو□مدای□و وای د□بینم ه□موو د□ق□ك بایی ه□ند□ ر□ه□ندی باش و خراپ ل□ خ□ د□گر□ت تا بیخ□ین□ ژ□ر کارکردنی ر□خن□یی□و□ ئ□م □□ژ□ی□ش ل□ د□ق□ک□و□ ب□ د□ق□کی تر ک□م تا ز□ر ف□رق د□کات، ه□ر ی□ک□و خا□□ی ب□ه□زی و لاوازی خ□شی ه□ی□.

ئ□گ□ر بمان□و□ت قس□ش ل□ د□قی شیعریی (توول□□□کانی پاییز.. ئیلهام مو□ادی)ی بک□ین د□ب□ت ه□مان پ□ودانگ ب□کاربه□نین و ب□ چاو□کی ئینساف□و□ ت□ماشای چ□ند خا□□کی گرنگ بک□ین و□ك ه□ر شیعر□کی تر؛ ل□وان□:

١- ئاستی زمان و زاراو□سازیی تاچ□ند پ□تی و شیعریی□ و لای□نی □□زمان تیایدا ب□ه□ند گیراو□؟

٢- و□ن□ شیعریی□کان تا چ□ند نو□ن و ئافراندنیان ت□داکراو□؟

٣- زنجیر□ی پ□ک□و□ ب□ستن یان (ی□ک□تی باب□ت) تیایدا ب□دی هاتوو□ و گونجاو□؟

٤- تیم□ی شیعر□ک□ شت□کی نو□ د□□□ت ، و ئایا رامان و و□رچ□رخان□ك د□ساز□ن□ت؟

ناونیشانی شیعر□ک□ ناونیشان□کی شیعریی جوان□و و□رزی پاییزیش و□رز□ک□ ز□ر ج□ی ئاماژ□و ئیلهامی مر□ڤ□، جا ل□کدانی توول□ □□ ک□ د□مانبات□و□ ن□و سروشت و ک□ژو ک□و لکاندنی ب□ پاییز□و□ ئ□و□ دوو جار ه□ز د□ب□خش□ت ب□ ناونیشان□ک□، ب□□ام ئایا تا چ□ند ئ□م ناونیشان□ پ□یوندی ب□ ناو□□ک□ک□و□و ه□ی□؟

ئ□و□ی ل□ر□دا لام م□ب□ست□ ل□م کورت□ شر□ڤ□کاری□دا و□ن□کانی بخ□ین□ ژ□ر تیشکی ر□خن□و□، جونک□ ز□ر و□ن□ی ل□ خ□ گرتوو□و ه□ند□کی پ□کاوی□تی و ه□ند□کیشی پ□ویستی د□سکاریکردن□ك ه□ی□، راست□ مانا

وال □ د□ی شاعیردا، ب□لام ه□ند□کجاریش شاعیر د□ی□و□ت شت□ك ب□□ت و ئاراست□ی شیعر□ک□ یان نزیکمان د□خات□و□ ل□ م□ب□ست یان دوور، یان پ□اوپ□ د□یپ□ک□ت.

ک□پل□ی ی□ک□م:

من و□ك چ□ژبین□کی شیعر د□م□و□ت وردببم□و□ ل□ پ□چ و پ□ناکانی ه□ر وش□ی□ك ل□م ک□پل□داو بزانم ئایا چ□ش□ د□ب□خش□ت؟ ئایا د□توانم ل□ ب□ت□ق□ی خ□یا□دانمدا ه□رسی بک□م، ئایا د□مخات□ ک□ش□کی تایب□تی دونیای شاعیر□و□؟

ل□گ□□ یادت قامک□کانم ل□س□ر لاپ□□□ی □□ژم□ر□ک□م ب□ج□ما
وان□کانی د□داریم ل□ ون بوو
ونبوو □□ژم□ری ت□م□ن
قامک□کانی خ□یا□م ل□ن□و ب□ت□ی □□ح□کدا د□ئافر□ن

١- ل□رووی ماناو□ مر□ق ه□ر کات د□توان□ت یادی ک□سانی دی بکات□و□ چونک□ ئ□م□ حا□□ت□کی د□گم□ن نیی□، ب□□ام ک□چکردن یان داب□ان ر□نگ□ ئ□و حا□□ت□ ب□ت ک□ ز□ر دووبار□ نا ب□ت□و□و کاریگ□ری خ□ی ل□ د□ی یادگاری□کاندا ج□ د□ه□□□ت، ب□ی□ ر□نگ□ پ□س□ندتر بووای□ گ□ر وش□ی (ک□چ یان دابران) ل□ جیاتی (یاد) ب□کاربه□نرای□، چونک□ و□ك ل□ د□ق□ک□شدا دیار□ باسی دوورک□وتن□و□و ن□بینی□و□و داب□ان د□کات، ه□رو□ها د□توانرا ل□بری قامك هاومانای وش□ی شیعریی تر ب□کاربهاتای□ تا زیاتر نازکی و ئیقاع ب□ رست□ک□ بب□خش□ ب□نموون□ و□ك پ□نج□، ئ□نگوست، تل... تاد پاشتر شیعران□تر د□بوو گ□ر ب□س رانـاوی (م)ی ل□ گ□□ قامک□کانم ب□ کاربه□نای□و ب□ ر□ژم□ر□ک□ی دان□نای□و□و ن□یبووای□. ئاوها:

ل□گ□□ ک□چت قامک□کانم ل□س□ر لاپ□ر□ی ر□ژم□ر□ک□ ب□ج□ما

أ- وان□ ون نابـ□ت، ئ□و□ی ون د□ب□ت فیزیک□ و□کو خودی شیعرب□گوتراو، ب□□کو وان□ یاد د□چ□ت□و□ یان ل□مر□ق د□ئا□□سک□ و ت□کد□چ□ت.

ب- گ□ر دیق□ت بد□ن د□بینین ل□ د□□ی س□ه□مدا وش□ی ونبوون و ر□ژم□ر دووبار□ ب□کارهاتوو□ت□و□!

ج- د□□ی چوار ز□ر و□ن□ی□کی شیعریی گونجاو□، چونک□ ه□م قامکی خ□یا□ م□جاز□و ه□م ب□ت□ی ر□ح دنیای میتافیزیک□.

ک□پل□ی دوو:

چاو□کانم و□ن□ی پ□□فایل□ک□تی ل□ قاپگرتوو□
ب□ی□ ل□ه□ر چاوترووکان□کدا
دووپات ئ□بی ل□ شاش□ی م□شکمدا
خ□و خ□یا□□ک□ ل□ک□ناری ه□ر خ□زان□کا
شار□ک ئ□خولق□ندر□

لای من دێڕی یەکەمی ئەم کۆپلەیە زیاتر قسەی رۆژانەیە نەك شیعر، بەلام شاعیر ئەوەی شك بردووە تا دەربڕین لەو هەستی دوورکەوتنەوەیە بکات، دێڕی دواتریش دەتوانرا زۆر شاعیرانەتر بهێنرایەتەوە بۆ نموونە لە بری (بەیە لەهەر چاوترووکانێکدا دووپات ئەبێ لە شاشەی مێشکمدا) بنووسرایە: لەهەر چاوتروکانێکما…ئامادەی لەناو هەستمدا یان ئەندێشە یان هزر…..)

پاشان لە دێڕی چواردا وشەی خەو وخەیاڵ کە نزیك مانای یەکن هەردووکیان نادیدەو نابەرجەستەن و ناون، دەبوو وشەیەکی تر لە بری خەو دابنرایە تا زیاتر شیعرانەتر دەربکەوتایە، بۆ نموونە ژووان یان هیوا یان بینینەوە، پاشان لابردنی ئەو وشە زیادانەی وەك (هەر) لەم رستەیەدا شیعرەکە تەکەتر دەکات، لە دوایشدا دێڕی کۆتای ئەم کۆپلەیە رەنگە گەر لاشبردرێت هیچ لە ماناو سیاقی شیعرەکە نەگۆڕدرێت بەڵکو جوانتری بکات.

کۆپلەی سێ:

حەز نیشتمانێکە لە ئەغر
ڕوو لە نشێویی گەڵاڕێژەکانی خەزان
لە غەمگینییە قەدگرتووەکانی تەمەن
توولەڕێیەکان حەز دەبەنەوە سەر دوا نشینگەی هەناسە
لەوم بۆ هەناسەکانتەوە
سەرگەردانە

١- حەز نیشتمانێکە لە ئەغر زۆر دەستەواژەیەکی شیعری جوانەو وەسفێکی شاعیرانەیە لە وەسفی شاعیر بۆ مەبەستی دەربڕینەکەی.

٢- گەلاڕێژەکانی خەزان دەوەرێن ، ئیتر چ لە وەرین نشێویی زیاترە، بەڵام بە کارهێنانی وشەی (نشێو) بۆ (گەڵا) دەستاندات و نایەتەوە، بۆ نموونە نشێو بۆ ڕێگای مادی و مەجازی بەکاردێت نەك گەڵا.

٣- لە غەمگینییە قەدگرتووەکانی تەمەن، رەنگە ئەم دێڕە لاببرایە باشتر بووایە بۆ شیعرەکە، بەڵام دێڕی دواتر(توولەڕێیەکان حەز دەبەنەوە سەر دوا نشینگەی هەناسە) دەستەواژەیەکی شیعریی و هەستێکی رۆمانسی جوانە، بەڵام نازانم بۆچی لەم کۆپلەیەشدا دوو جار وشەی (هەناسەو حەز) بەکارهاتووەتەوە، مەگەر زۆر دووپاتکردنەوەی یەك جۆر وشە زیان بە بەهای شیعر ناگەیەنێت؟ رەنگە هەندێك خوێنەر بەڵێت بۆچی بەس ئەو وشە زۆر بەکارهاتوو و دووبارانە لە هەمبانەی شیعریی شاعیردا هەن؟

دوا کۆپلە:

چاوم مەمی هیوا کز کز ئەسووتێنێ
لە شوێنکی ئەم چیرۆکەدا
شەو بەیاری لەسەر قەدەغەیە

پیاسە تیسکە
شەقام لەخۆ بایی.
١- لە رووی ماناوە چاو مەم ناسوتێنێ بەڵکو لە رووی ڕەوانبێژییەوە تەشبیهـ و لێکچوون هەیە لە نێوان مانای چاو و مەمدا بەوەی خاڵی تروسکاییان تێدایە و هاوبەشن لەو خاڵەدا، بۆیە شیعرانەتر بوو بە نموونە گەر بنووسرایە: چاو مەمی هیوایە و کز ئەسووتێ.
٢- من لە دوو دێڕی کۆتاییدا کەمێك سەرم بە گێژ هات، ئایا ئەمە چیرۆکە یان شیعر؟ یان چیرۆکە شیعر؟ باشە بابڵێین یەکێکیانە؛ بەڵام بڕیاری چی لەسەر شەو قەدەغەیە؟ یان بڕیاری پیاسەی شەوانە قەدەغەیە؟ دواتر لە خۆبایی بوونی شەقام کە پێکهاتەیەکی لێکدراوی شیعرییەو هەوڵێکی جوانە، بەڵام وا هەست ناکەن کە دوورن لە مانای سەراپای کۆپلەو دێڕەکانی تری شیعرەکەوە؟ شەقام ئاماژەی چییە لێرەدا گەر وەك سیمبوڵیش بەکارهاتبێ چ پەیوەستێکی هەیە بە قەدەغەی بڕیاری شەوەوە؟
دوماهی:
لە کۆتاییدا ئەمە لێکدانەوەو چێشەی من بوو بۆ ئەم شیعرە، پاش ماندووبوونێکی زۆر و بێ هیچ بەرامبەرێك بەم خوێندنەوەیە هەستام، بەس خۆزگە شاعیرەکان خۆیان پێش بلاوکردنەوەی دەقەکانیان نیشانی چەند کەسێکی شارەزایان بدایەو سوودیان لە ڕێنموونییەکانیان وەربگرتایە، وێڕای ئەوەی من دەستخۆشی لە شاعیر دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی بۆ دەخوازم بە تایبەتی کە ئەو هەناسەیەکی شیعر لە گیانیدایەو بەس کارکردنی گەرەکە تا لە کۆتا نوسخەیدا بە شێوەیەکی پوختەو بوتیقایانە بەردیدەی خوێنەران بکەوێت.

ئاخر تۆڵە بۆ چی دەکەیتەوە؟..
لوقمان ئابڕاخی

عەلی قەرەداغی کوردێکی پڕۆئیخوانی و ئەردۆگانییە، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی مسوڵمانانە، کە بارەگا سەرەکییەکەی لە قەتەرە، سوێندی بەخوا خوارد و ئەم هەڕەشەیەی لە ئیسرائیل کرد:
” عەلی قەرەداغی: سوێند بەخوا ناوەستین هەتا تۆڵەی غەززە

دەکەینەوە”.
-قەتەر گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوینی لەخۆ گرتوە وە لە هەمان کاتیشدا خاوەنی کەناڵی (الجزيرة)یە کە کەناڵێکی پڕ ئیخوانی و ڕەگەزپەرستی شۆڤینیە کە میسداقیەتی نیە و بەردەوامیش دژ بە دۆزی کورد بووە.
-قەتەر پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە و یەکەم پەیوەندی بازرگانی لە ساڵی ١٩٩٦ دا دەستی پێکرد.
-قەتەر لە ساڵی ٢٠١٥ دا یارمەتیدەری ئیسرائیل بوو بە گەڕانەوەی ٦٠ لە جووەکانی یەمەن بۆ ئیسرائیل.

- لە ساڵی ٢٠١٥ دا باڵوێزی قەتەر لە غەززە بە ناردنی یارمەتییەکانی قەتەریش بۆ حەماس داوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە حوکمەتی ئیسرائیل کرد کە ڕێگەیان پێبدات ئەو یارمەتیانە بە کەرتی غەززە بنێرن.
-(شيخ حمد بن جاسم آل ثاني)، سەرەکوەزیرانی قەتەر لە ٣٠ نیسانی ٢٠١٥ ڕایگەیاند کە ڕێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ فەلەستینییەکان دەتوانێت لەبری پابەندبوون بە سنوورەکانی ساڵی ١٩٦٧، ئاڵوگۆڕی زەوی لەخۆبگرێت کە سەرنجی ئیسرائیلییەکانی ڕاکێشا و بە ئەرێنی وەسفیانکرد.
-قەتەر لە مانگی ٦ ی ساڵی ٢٠١٧ دا کۆبوونەوەی نێوان حەماس و ئیسرائیلی ڕێکخست کە ئەو ئاگربەستەی لێهاتە بەرهەم کە حەماس لە ٧ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ دا شکاندی.
-قەتەر لە ساڵی ٢٠٠٩ دا بە ڕەسمی ڕایگەیاند کە ئەگەر ڕێکخستنی پاڵەوانێتی جیهانی تۆپی پێ (فیفا) لە ساڵی ٢٠٢٢ دا بدرێت بە قەتەر، ئەوان پێشوازی لە بەشداربوونی ئیسرائیل دەکەن بە پێشبڕکێی لەو پاڵەوانیتیە. جگە لەوەیش، چالاکی وەرزشی تریش کە لە قەتەر ئەنجامدراوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٩)ەوە ، یاریزانە ئیسرائیلییەکان بەشداریان تێدا کردووە.
-قەتەر لە شەڕەی ئەمجارەیشدا لە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە بە ڕەزامەندی ئەمریکا وئیسرائیل ئەوکۆبوونەوەیەی لە نێوان سەرکردەکانی حەماس، مەساد و(سی ئای ئەی)دا ڕێکخست کە ئاگربەستە کاتییەکە و گۆڕینەوەی ژمارەیەک لە بارمتە ئیسرائیلییەکانی لێهاتە بەرهەم. لە ڕاستیدا ئیسرائیل دەستپێشخەری نێوەندگیری تورکیای ڕەتکردەوە و بە نێوەندگیری قەتەر ومیسر ڕازی بوو.

-تورکیا یەکەم وڵاتی ئیسلامی بوو کە دوای ساڵێک کەمتر لە دروستبوونی ئیسرائیل، لە ٣ ئازاری ١٩٤٩ دا دانی بە دەوڵەتبوونی ئیسرائیلدا نا. شایانی باسە کە دەیڤید بێن گۆریۆن لە ١٤ ی مایسی ١٩٤٨ دا بە دەوڵەتبوونی ئیسرائیلی ڕاگەیاند، واتە کەمتر لە ساڵێک دوای ڕاگەیاندنی بە دەوڵەتبوونی ئیسرائیل، تورکیا دانی بە ئیسرائیلدا نا. هەر لەو کاتەیشەوە پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە لە هەموو ڕوویەکەوە بووە کە دیبلۆماسی، ئابووری، ئیستیخباراتی، سەربازی، کڕینی چەک و پێویستی سەربازی، زانستی، ئابووری و گەشتیارین.

-دوای ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئیسرائیل لە ٢٠١١ دا، تورکیا توانی دوای لەبیکردنەکی چەی پڕ مەسرەف و کۆمەڵێک سازش، پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و تورکیا ئاسایی بکاتەوە. دوای ئەو ئاساییبونەوەیش سەرۆکی ئیسرائیل، ئیسحاق هێرزۆگ، سەرۆکایەتی پۆستێکی فەخریە لە ئیسرائیل، لە ٩ ی ئازاری ٢٠٢٢ دا لە تورکیادا پێشوازی شاهانەی لێکرا و میدیا تورکیەکان زۆرترین بایەخیاندا بەو سەردانەی سەرۆکی ئیسرائیل بۆ تورکیا وبە مێژوویی وەسفیا نکرد.

پێشوازی سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، لە سەرۆکی ئیسرائیل، ئیسحاق هێرزۆگ.(وێنەکە لە نیویۆرک تایمز وەرگیراوە)

-لە دوای شکاندنی ئاگربەستی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ٧ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ دا لەلایەن حەماسەوە، حەماس سنووری ئاسمانی، دەریایی و ووشکانی ئیسرائیلی بەزاند، کاری تیرۆریستانەی دژ بە خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل ئەنجامدا و ٢٤٠ کەسی مەدەنی ڕفاند و وەکو بارمتە بەکاریاندەهێنەت، ئەردۆگان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەستپێشخەری و ئامادەیی خۆی بۆ نێوەندگیری نێوان ئیسرائیل وحەماسی دەربڕی، لە یەکەم دوو هەفتەی شەڕەکەدا لە گوتە کاڵتری بە

ئیسرائیل نەووت. بەڵام کە ئیسرائیل ڕێتیکردەوە کە تورکیا نێوندگیری بکات و میسر و قەتەری هەڵبژارد، ئەردۆگان هەڵوێست و تۆنی ووتارەکانی گۆڕی و کەوتە موزایەدەکردن بەسەر فەلەستینییەکان و عالەمی ئیسلامیدا.
-دوور نییە ئەم هەڵوێستەی عەلی قەرەداغیش بە فەرمانی ئەردۆگان نەبووبێت کە پەیامی ئەردۆگان بێت بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا کە پیشانی بدات کە کاریگەری هەیە بە سەر جیهانی ئیسلامیەوە لە ڕێگەی ” یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان ” و ئەمیندارە گشتییەکەیەوە.
پێشینان فەرموویانە: “بەردی زل نیشانەی نەهاویشتنە”
هەڵبەتە ئەم هەڕەشە بەتاڵەی عەلی قەرەداغیش لە موزایەدەیەکی هەرزان زیاتر چیدیکە نییە چونکە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان، بە قەتەر و تورکیاشەوە، داوا لە ئیسرائیل دەکەن کە ئیسرائیل ئاگربەستێکی تر قبووڵ بکات کە تاکو ئێستایش ئیسرائیل ناڕازییە بەڵام هیچ وڵاتێکی ئیسلامیش ئەو هەڕەشەیەی عەلی قەرەداغی لە ئیسرائیل نەکردوە.
عەلی قەرەداغی لە ناو شەقامی کوردیشدا، جگە لە ئیخوانییەکانی کوردستان، نەک هەر سەنگێکی ئەوتۆی نییە بەڵکو وەکو کەسێکی نەخوازراو و بێزراو دەبینرێت بەهۆی نزیکییەکەی لە ئەردۆگان و بێهەڵوێستییەکەی بەرامبەر بە دۆزی کورد.
ئەمە جگە لەوەی کە عەلی قەرەداغی هیچ سەنگ و خاوەندارێتییەکی سەربازی، سیاسی، ئابووری نییە، بۆ چی تۆڵە لە ئیسرائیل دەکاتەوە؟

بەدەر لەوانەیش، مافی هەموو موسڵمانیک و تەنانەت ئیخوانییەکانیشە کە ئەو پرسیارە لە قەرەداغی بکەن کە بۆچی سوێندی بە خوا خوارد کە تۆڵە بکاتەوە لە کاتێکدا کە ئەو ناتوانێت سوێندەکەی بەرێتە سەر؟
کوردیش مافی ئەوەی هەیە کە ئەو پرسیارە لە عەلی قەرەداغی بکات کە ئەو کاتەی داعش هەزاران کوردی یەزیدی جینۆساید کرد، کچ و ژنەکانی بە کەنیزەک کردن، پێشمەرگە دیلەکانی سەربڕی، بۆچی هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو؟ بۆچی غیرەت و هەست و سۆز و ویژدانی نەجوڵا؟
وا بە چەندین ساڵ دەچێت کە ڕژێمی تورکیا تەڕ و ووشک پێکەوە دەسووتێنێت، ژن و منداڵ و جوتیاری کورد دەکوژێت، خاکی کوردان داگیر دەکات، ژینگەی کوردستان تێکدەدات، دیمۆگرافیای شارە کوردییەکان دەگۆڕێت، مزگەوتی شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بۆمباباران دەکات و دەڕووخێنێت. ئەمە جگە لەوەی کە بە ئەندازەیەک ڕقیان لە کوردە کە منداڵەکانیشیان بەوە گەشکردووە و گەشدەکەن کە “کوردە باشەکان تەنها ئەوانەن کە لەژێر خاکدان”.

هەموو کوردێک ئەو مافەی هەیە کە بە عەلی قەرەداغی بڵێت:
بۆچی ئەو هەموو تاوانانەی دژ بە مرۆڤایەتی کە دژ بە کورد لە لایەن ڕژێمی تورکیا و ئێرانەوە ئەنجامدراون و ئەنجامدەدرێن غیرەت و ویژدان و سۆزی عەلی قەرەداغی نەجووڵاند، بێدەنگی هەڵبژاردووە و هیچ هەڵوێستێکی نیە؟
بۆچی عەلی قەرەداغی سەرکۆنەی حەماس و فەلەستینییەکانی نەکرد کە لە دوای داگیرکردنی ئەفرین و شارۆچکە و گوندەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن ڕژێمەکەی ئەردۆگان و گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییە مورتەزەقەکانیەوە، ئاهەنگیان گێڕا و پشتگیری ئەردۆگانیان کرد لە کاتێکدا خوێنی کورد بە ناهەق دەڕێژرا و دەربەدەرکران؟

ئەی بۆچی داوای لە فەلەستینییەکان و حەماس نەکرد کە خاکی زێدی باوباپیرانی کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان داگیرنەکەن و نەبنە داردەست و خزمەتکاری ئەجێنداکانی ئەردۆگان و ڕژێمەکەی بە گۆڕینی دیمەگرافیای کوردستان؟
تۆ بڵێی ماڵ وخاک و ژیانی خەڵکی غەزە لە ماڵ وخاک و ژیانی خەڵکی کوردستان بەهادارتر بێت؟

تو بڵێی لەبەرئەوە بێت کە ئەردۆگان ئیسلامییە و ئیدی گرنگ نیە چەند کوردی موسڵمانیش بەهۆی لەشکرکێشی و پەلامارە داگیرکارییەکان و بۆمبابارانکردنەکانی ڕژێمەکەی ئەردۆگان و مورتەزەقەکانیەوە خوێنیان بە ناهەق دەڕژێت؟

پێویستە ئاماژە بەوەیش بکرێت کە حەماس هۆکاری سەرەکی و تاوانباری سەرەکی ئەو کارەساتە مرۆییانەیە کە ڕووبەڕووی خەڵکی غەزە بۆتەوە، چونکە حەماس ئەو ئاگربەستەی شکاند و هێرشی کردە سەر خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل، داعشانە ئاسا، دەستی لە کۆرپە، منداڵ، پیر و گەنج نەپاراست.

لە کاتێکدا حەماس ئاشتی نەویستووە، بەڵام کورد هەمیشە دەستی ئاشتی ڕاکێشاوە و لە سادەترین مافەکانی زیاتر چیدیکەی داوا نەکردووە، بەڵام ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران هەمیشە شەڕ و جینۆساید و داگیرکردنی کوردستانیان پێ باشتر بووە وەک لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەگەڵ کوردا کە تەنانەت بە جۆرەها شێوە ڕێگەی هەڵبژاردنیشیان لێگرتوون لە کاتێکدا کە کوردیش هاوشێوەی خەڵکی تورکیا و ئێران وسوریا مرۆڤن و موسڵمانن.

خۆ ئەگەر عەلی قەرەداغی هەر بەڕاستی دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە، با لەگەڵ ئەو سەرکردانەی حەماس کە لە قەتەر و دەرەوەی غەززە خۆیان و ڕۆڵەکانیان خۆشترین ژیان دەژین، بچن بۆ غەززە بۆ جیهاد و شەڕ دژی ئیسرائیل بکەن بۆ ئەوەی سوێندی نەکەوێت، وە بە ئەوەیباوەڕەی پێبکرێت و ببێتە پێشەنگ بۆ هاونمونەکانی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش.

٥ ی دیسەمبەری ٢٠٢٣

بۆ ئەم ووتارە سوودم لە سەرچاوانەیش وەرگرتووە

https://speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=129519&Jor=1
https://www.nytimes.com/2022/03/09/world/middleeast/israel-isaac-herzog-turkey-visit.html
https://en.wikipedia.org/wiki/Israel%E2%80%93Qatar_relations
https://en.wikipedia.org/wiki/Israel%E2%80%93Turkey_relations
https://www.timesofisrael.com/liveblog_entry/kuwaiti-daily-israel-rejects-turkish-mediation-prefers-egypt/
https://www.facebook.com/KurdsGlobalTwo/videos/873203384222968/
https://www.facebook.com/messenger_media?attachment_id=649619790650996&message_id=mid.%24cAABa_fyWk22RVrP51WLJW6tPxE0-&thread_id=100045488794601
https://www.facebook.com/messenger_media?attachment_id=543798577920489&message_id=mid.%24cAABa_fyWk22RZydF_2LNeH9SmcVD&thread_id=100045488794601

https://twitter.com/FrankPallone/status/1594468508968124416?fbclid=IwAR1fNjSGhwFolPbIYh6U8WxSs1gDbcbeqFKDCyKv1p54xUWSN4-foIoZTCw
https://www.genocidewatch.com/single-post/genocide-emergency-turkey-s-aggression-in-syria-and-iraq
https://www.hrw.org/news/2022/12/21/iran-brutal-repression-kurdistan-capital
https://www.hrw.org/news/2023/04/25/turkey-pre-election-crackdown-kurds

---

ئیسلامی سیاسی لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا.. حەمید تەقوایی

و: کاوە عومەر

ئینتەرناسیۆنال: هەرچەندە بەکارهێنانی دەستەواژەی "ئیسلامی سیاسی" لەم ساڵانەی دواییدا لە زۆرێک لە دەزگا ڕاگەیاندنە نێونەتەوەییەکان و ئەحزاب و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە باسکراوە بەڵام هێشتا زۆربەی دەوڵەت و ڕاگەیاندنەکان هەوڵ ئەدەن خۆپارێزی لە دەستەواژەی ئیسلامی سیاسی بکەن توندڕەوی ئیسلامی و یان دەستەواژەی هاوشێوەی ئەمە بەکار دەهێنن.هۆکارەکەی چییە؟ چ جیاوازییەک لەنێوان ئەم دەستەواژەیەدا هەیە؟

حەمید تەقوایی: زاراوەکانی وەک توندڕەوی یان فاندامیتالیزم (بناژۆخوازی) ئیسلامی، هەڵبژاردنی سیاسییە ئیسلامییە. ئەم جۆرە ناولێنانانە حسابی بەناو بناژۆخواز نەبوویی هێزوو دەوڵەتە ئیسلامییەکانی هاوشێوەی دەوڵەتی تورکیا و ئەفغانستان و بەگشتی هێزە ئیسلامییە لایەنگرەکانی ڕۆژئاوا و یان ئەوانەی کە دووژمنایەتیان لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە لە تیرۆریزمی ئیسلامی جیا دەکەنەوە.ئامانج لەمەش پاککردنەوەی بەشێک لە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی و بەکارهێنانیانە لە سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەسەر یەکدا شێواودایە. بەهای

کەڵک وەرگرتنەکی تری ئەم ئاماژە بە توندڕەوی ئەوەیە کە هێزە ئیسلامیەکان لەسەر بنەمای باوەڕ و لێکدانەوەیان بە ئیسلام ڕوون دەکاتەوە، نەک ڕۆڵ و ئامانجە سیاسییەکانیان.سودەک و بەکارهێنانی ئەم لێکدانەوە یەعەقیدەیی-مەکتەبی دەزگاڕاگەیاندنەکان ودەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە تیرۆریزمی ئیسلامی ئەوەیە کە دەورو پێگەی سیاسی ئیسلام کە ئاکامی سیاسەتی دەسەڵاتخوازانەی بۆرژوازی ڕۆژئاوا بە دیاریکراوی چینی دەسەڵاتداری ئەمەریکا لەسەرەتادا لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کاریگەری سۆڤێت و پاشان بە جێگیرکردنی پێگەی خۆی لە دونیای دوای جەنگی سارددا بوو لەبەرچاو وون دەکات و کێشەکە دەداتە پاڵە بنەمای عەقیدەتی هێزە ئیسلامیەکان و ڕادەی توندی و نەرمی بیروباوەڕی ئەوان و دەربڕین و لێکدانەوەیان لە قورئان و شەریعەت بەم شێوەیە دەتوانرێت لێکدانەوەی توندڕەوەکان بە ئیسلام بە واقیعی و ڕەسەن نەزانرێت و لە بەرانبەردا ژێر باڵی ئیسلامی "میانڕەو"یان گرت و مەیدانیان دا بە ئەو. ئۆباما و بەرپرسانی حکومەتەکەی تەنانەت لە بەکارهێنانی تیرۆری ئیسلامی و بناژۆخوازی ئیسلامیش خۆیان بەدوور دەگرن و هێزەکانی وەک داعش و قاعیدە و بۆکۆحەرام تەنیا بە تیرۆریست ناودەبەن. ئەوان پێیان وایە ئەمانە ئیسلامی نین، بەڵام دەستیان بەسەر ئاینی ئیسلامدا گرتووە یان "ڕفاندویانە"! حکومەتی ئەمریکا لێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە بە ئیسلام. لێکدانەوەیەک کە دەی ئیسلامیە هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا نەڕەنجێنێت!

تیرۆریزمی ئیسلامی دیاردەیەکی فیکریی مەکتەبی نییە بەڵکو بزووتنەوەیەکی سیاسییە. ئیسلام وەک سیستەمەکی هزری-عەقیدەیی هەمیشە لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرستانە و دژە ژن و دژە کافر و دژە هاوڕەگەزخواز و دژە شارستانییەت و مۆدێرنیزم بووە، بەڵام هەرگیز پێگە و ڕۆڵێکی وای لە سیاسەتی جیهانیدا نەبووە وەک ئەوەی کەلە چوار دەیەی ڕابردوودا هەی بووە. سەید قوتب و ئیخوان موسلیمین لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئاڵای ئیسلامیان بەرزکردەوە وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە "ڕۆژئاواییکردنی" حکومەتی میسر و حکومەتەکانی دیکە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، بەڵام تەنانەت لەناو وڵاتی خۆیاندا ڕۆڵێکی پەراوێز و ناکاریگەریان هەبوو. خومەینی نموونەیەکە لە ئێران، کە لە کاتی ناڕەزایەتی دژی چاکسازییەکانی زەویدا ناوی بەرزکرایەوە، بەڵام تا سەردەمی شۆڕشی ١٣٥٧ تەنانەت لە نێو هێزە ئایینیەکانی ئۆپۆزسیۆنی شادا ڕۆڵ و پێگەی ئەوتۆی نەبوو. لە کۆتایی شەڕی سارد و لە کێبڕکێ لەگەڵ سۆڤێتدا، هێزە ئیسلامیەکان لە ئەفغانستان کە ئەو کات لەژێر دەسەڵاتی سوپای

سۆڤیەتدا بوو، لە ئێرانیش کە لە ڕوانگەی حکومەتەکانی ڕۆژئاوا، ئەگەری ئەوە هەبوو کە لەگەڵ شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧دا پەیوەندی بە کەمپی سۆڤیەتەوە بکات- بە ڕێگەی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی خرانە پێشەوە. تاڵیبان و قاعیدەش دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە دژە کۆمۆنیستیەکانی ئۆردوگای ڕۆژئاوا و دروستکراوی پنتاگۆن بوون و ئەمەش ڕاستییەکە کە بەرپرسانی ئەمریکی وەک هیلاری کلینتۆن لە کتێبی "هەڵبژاردنی سەخت"دا دانیان پێدا ناوە. لەو لایەنەوە سەرهەڵدانی هێز و دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەم چەند دەیەی دواییدا وەک دەرئەنجامی زەرورەت و پێویستییە سیاسییەکانی بۆرژوازی جیهانی لە بەرچاو بگیرێت. هەڵوێستی ئەمڕۆی ئیسلامی سیاسی بەرهەمی ستراتیژی دژە کۆمۆنیستی حکومەتی ئەمریکا و ئۆردوگای ڕۆژئاوایە لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا و بوشیزم و میلیتاریزمی هەژموونخوازانەی حکومەتی ئەمریکا و ئۆردوگای ڕۆژئاوا لە دوو دەیەی ڕابردوودا.

لەلایەکی ترەوە لە ڕوانگەی بۆرژوازی عەرەبی و هەموو بۆرژوازی وڵاتانی گیرۆدەی ئیسلامەوە، ئیسلامی سیاسی وەسیلەیەکە بۆ بەشخوازی زۆرتر لە ئابوری وسیاسەتی جیهانیدا، بەدیاریکراوی لەگەڵ شکست ودا بەش بوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بە شوێن ئەودا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕێگەی بۆرژوازی ڕۆژئاوا و ئاوارە کردنی ملیۆنان فەڵەستینی پاش جەنگی جیهانی دووهەم، وڵاتانی عەرەبی و بەئیسلامگیراو زیاترو زیاتر خرانە پەراوێزی ئابوری و سیاسەتی جیهانیەوە.

لە سەردەمی شەڕی ساردا ئەم بەشخوازی و جەمسەرگیرییە لە دەوری پرسی فەلەستین دەرکەوت و بە شێوەیەکی سەرەکی بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، بەعسیزم، ناسریزم و بە گشتی هێز و حکومەتەکانی سەر بە ئۆردوگای سۆڤیەت یان لایەنگریان بۆ ئۆردوگای سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نوێنەرایەتی دەکرا. دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، هەمان ئەو هێزە ئیسلامیانەی کە ڕۆژئاوا لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بەکاریان دەهێنان، بوونە وەسیلە و هێزی سەرەکی "دادخوازی" فەلەستینییەکان لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و وەسیلەی بۆرژوازی وڵاتە ئیسلامییەکان. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆ دەرئەنجام و بەردەوامی هێرشی ئیسلامییەکانە کە لەلایەن حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاواوە پاڵپشتی دەکران دژی یەکێتی سۆڤیەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا. ئەو بزووتنەوەیە کە بڕیار بوو بە پاڵپشتی پنتاگۆن و سی ئای ئەی و ناتۆ یەکێتی سۆڤیەت لە مەیدان دەربکات، دوای شکستی یەکێتی سۆڤیەت نەگەڕایەوە ماڵەوە. بەڵکو لە

دونیای تێکڕژاوی دوای شەڕی سارددا، خۆی وەک داواکارێکی دەسەڵات سەری بەرزکردەوە و ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕۆژئاوا بووەوە. لەگەڵ داڕمانی یەکێتی سۆڤیەتدا، وەک مەنسور حیکمەت لە نووسینەکەیدا بەناوی(سەرهەڵدانی خوێناویی نەزمی نوێی جیهانی) لە ساڵی ١٩٩١دا پێشبینی کردبوو، ئۆردوگای ڕۆژئاوا هۆکاری بوونی خۆی و پێگەی و هەژموونی خۆی لەدەستدا و بەو هۆیەوە زەمینەی بەشخوازی نەریتی بۆرژوازی عەرەب، ئەمجارەیان لە ڕێگەی هێزە ئیسلامییەکانەوە زیاتر لە پێشوو لە ناوچەکەدا دابینکرابوو. لە لایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمی چەپی عەرەبی – ئەلفەتح و بزووتنەوەی جۆرج حەبەش و ناسریزم و بەعسیزم – بەهەمان شێوە لەگەڵ ڕووخانی جەمسەری سۆڤیەتدا پێگەی خۆیان لەدەستدا و مەیدانەکەش کراوەتر و ئامادەتر بوو بۆ سەربەرزکردنەوەی ئیسلامییەکان.
بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی، ئەمڕۆ بەشوین ١١ی سێپتەمبەرو هێرشی بۆ سەر عێراق، و شکستی بۆشیزم و هەژمون خوازی میللیتاریستی ڕۆژئاوا لق ومەیلی جوراوجۆری هێناوەتە ئاراوە بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو هێزانە هەر بەوجۆرە داواکردنی بەشێ لە بۆرژوازی جیهانی لەگەڵ بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئیسلامیدایە.

ئینتەرناسیۆناڵ: سەرهەڵدانی داعش چ گۆڕانکارییەکی لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا هێناوەتە ئاراوە؟ چ لە ڕوانگەی دەرەوەی ئەم بزووتنەوەیە و چ لە ناوەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا؟

حەمید تەقوایی: بەڕای من سەرهەڵدانی داعش سەرەتای سەردەمێکی نوێیە لە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیدا. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ هاتنی خومەینی بۆ ئێران و تاڵیبان بۆ ئەفغانستان خۆی وەک دیاردەیەکی حکومی دەربڕی، بەڵام دوای ١١ی سێپتەمبەر و دوابەدوای هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق، هێزە ئیسلامییەکانی وەک قاعیدە و دەستەوتاقمە شیعە و سوننەکان لە عێراق بەراونەتە پێشەوە. لەم ماوەیەدا ئیسلامی سیاسی بە پلەی یەکەم وەک هێزێکی تیرۆریستی دژە ئەمریکی سەریهەڵدا، نەک وەک حکومەت و سیستەمێکی حکومەت لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا.

پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ئۆردوگای ڕۆژئاوا پێویستی بە دوژمنێکی نوێ بوو بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی لە جیهانی دوای جەنگی سارددا جێگیر بکات، “میحوەرێکی شەڕ” ئیسلامی لەبری “ئیمپراتۆریەتی شەڕ”ی ڕووسیا، هێزە ئیسلامییەکانیش باشترین کاندید بوون بۆ ئەوەی ئەم ڕۆڵە بگێڕێت. لەو پێگەیەدا ئیسلامی سیاسی لە بنەڕەتدا نەک وەک

هێزێکی حکومەت، بەڵکو وەک دوژمنێکی دەندە کە جگە لە هێرشکردنە سەر ئەردوگای ڕۆژئاوا و بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا هیچ ئامانجێکی تری نییە، و هێزێکی وەک قاعیدە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەکانی وەک ۱۱ی سێپتەمبەر و هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی جۆراوجۆر و دانان وتەقاندنەوەی بۆمب لە پایتەختەکانی ئەوروپا و هتد بە تەواوی لەگەڵ ئەم وێنەیەدا دەگونجێت. تەرکیزی ستراتیژ و پڕوپاگەندەی ئەلقاعیدە دژایەتیکردنی ئەمریکا و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی نەبوو. قاعیدە هەرگیز ئیدیعای دەسەڵاتی نەکرد و ئوسامە بن لادن تا ئەو ڕۆژەی کوژرا تەنانەت یەک لەدێش ژێر دەسەڵاتی نەبوو.

ئەم هەلومەرجانە بە زەمینەسازیی ماشێنی جەنگی ئەمریکی لە عێراق و ئەفغانستان و شکستی بوشیزم و ستراتیژی هەژموونی میلیتاریستی گشتی – کە خۆی ڕەنگدانەوەی داڕمانی وۆڵ ستریت بوو لە ساڵی ۲۰۰۸ و بن بەستوو و بێئعتیباری فریدمانیزم و نیوکۆنسەرقاتیزم بە تەواوی گەڕا. شکستی بوشیزم و هەژموونی ئەمریکا بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە هۆی هێرش و دەستوەردانی سەربازیی ڕۆژئاوا بە تەواوی تێکچووبوو، بووە هۆی ئەوەی جۆرێک لە ئەڵتەرناتیقی سیاسی و بۆشایی دەسەڵات لە ناوچەکەدا دروست ببێت. جۆرێک لە "فەزای کراوە"ی سیاسی بۆ بۆرژوازی ناوچەکە دروست بوو و حزب و بزووتنەوە و هێز و حکومەتە سیاسییەکان – تەنانەت ئەوانەشی کە لە نێو هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی ڕۆژئاوادا هەژمار دەکران، هەلومەرجی بە ئیدیعاکارانی دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا دەبینی. ڕیزبەندییەکان و یاریدەرە سیاسیە نوێیەکان لە نێوان ئەو هێز و حکومەتانەدا دروست بوو و هەژموونی ئەمریکا و ئەردوگای ڕۆژئاوا جێگەی خۆی بە کێبەرکێی بلۆکە ناوچەییە نوێیەکان دا بە دەستەبەرکردنی هەژموونی ناوخۆیی خۆیان (دیارترین نموونە: تورکیا-سعودیە- ئیمارات لە دژی بلۆکی ڕووسیادا-کۆماری ئیسلامی-ئەسەد-حزبوڵڵا).

داعش دەرپەڕیووی ئەو هەلومەرجەیە. بە واتایەکی تر، ئەوەندەی پەیوەندی بە چوارچێوەی سیاسەتە بۆرژوازییەکانی ڕۆژئاواوە هەیە، ئەلقاعیدە بەرهەمی تەماحە میلیتاریستییە هەژموونییەکانی ئەمریکایە و داعش بەرهەمی شکستی ئەم سیاسەتەیە. لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و سیاسەتی بۆرژوازی لە ناوچەکەدا، داعش هێزێکە کە لە کێبەرکێی نێوان بلۆکەکانی ناوچەکەدا دەهێنرێتە پێشەوە. لە ستراتیژی داعشدا، بە پێچەوانەی قاعیدە، جوگرافیای سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی سەرەکی و دژایەتیکردنی ئەمەریکا

پرسێکی لاوەکییە. زۆربەی ئۆپراسیۆنە تیرۆریستییەکانی داعش لە وڵاتانی ئیسلامی و دژی خەڵک و حکوومەت لەو وڵاتانە ئەنجام دراون. (نوێترین نموونەکان کە دوای بانگەوازەکەی داعش بۆ سزادانی کافرەتەکان لە کاتی ڕەمەزاندا: هێرشە تیرۆریستییەکان لە ئەستەنبوڵ، سێ هێرشی خۆکوژی لە سعودیە، لە نێویاندا هێرشکردنە سەر گۆڕی محمد لە مەدینە، تەقینەوەیەک لە مۆڵێکی بازرگانی لە بەغداد بوو، دوو هێرش لە بەنگلادیش بۆ سەر ڕێوڕەسمی نوێژی جەژن). پێدەچێت ئەم کردانە لە ئایدۆلۆژیای توندڕەوی داعشەوە دژ بە مورتەدەکان (ئەو موسڵمانانەی باوەڕیان بە ئیسلامی داعشی جۆری نییە) ئەنجام بدرێت و پڕوپاگەندەی داعشیش جەخت لەسەر کوشتنی کافر و لادەرەکان دەکاتەوە، بەڵام ئەم سیاسەت و پراکتیزەیەی داعش بەتەواوی سیاسییە . ئامانجی ڕاگەیەندراوی داعش دامەزراندنی خەلافەتێکی ئیسلامییە و ئەمەش پەیوستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتە خۆجێیەکان هەیە بۆ داگیرکردنی خاکەکە و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی لە جوگرافیایەکی سیاسیدا لە ناوچەکەدا. لەم ستراتیژەدا دوژمنە ڕاستەوخۆکان بریتین لە حکومەتەکان و هێزە سیاسییەکان لە وڵاتانی ئیسلامی لە ناوچەکەدا- و حکومەتەکانی ڕۆژئاواش لەوە وەک هاوپەیمان و بەرگریکاری ئەم دوژمنە ناوخۆییە پەروەردە دەکرێن- و هەربۆیە ئایدۆلۆژیا و تیرۆرێک پەیوستە کە لادەرەکان – حکومەتەکان بن و هێزە ئیسلامییەکانی دیکە لە ناوچەکەدا وەک دوژمنی سەرەکی بناسێنێت-.

